www.kurdistannet.org
16-7-2006 15:48بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# بیری دوکتور قاسملوو چرای ڕێگای تێکۆشانمانە! لاوانی دڵ پڕ لە هیوا!

ئەندامان، لایەنگران و دۆستانی یەکیەتی لاوان!
هاونیشتمانانی خەباتگێڕی کوردستان!
هەمووان ئاگادارین کە حەڤدەساڵ لەمەوپێش لێرە لە وڵاتی ئوتریش، دوکتور قاسملوو لەسەر مێزی وتووێژ لە لایەن دیپلۆمات تێرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامییەوە شەهید دەکرێت!
شەهیدکردنی کەسایەتییەکی گەورە و ڕێبەرێکی بلیمەت و سیاسەتوانی گەلێکی بندەستی وەک گەلی کورد، لە لایەن نوێنەرانی کۆماری ئیسلامییەوە، زەبرێکی گەورە بوو کە لە پەیکەری ڕێبازی ئازادی و دێموکراسیو بیری مرۆڤویستی و سەنگەری بەرەی دژ بە دیکتاتۆرییەت، کەوت.

دێموکراسی و گەڕانەوە بۆ سەروەری مرۆیی ئەو ڕەهەندانە بوون کە دوکتۆر قاسملوو وەکوو ڕێبەرێکی مۆدێڕن و سەردەمیانە لە پێناویاندا هەوڵی دەدا و لە ژێر تەوژمی بەرژەوەندییەکانی جیهانی دوو جەمسەردا زانستیانە بە دوای چارەسەرکردنی کێشەکان بوو لە ڕێگای ئاشتی و دانووستانەوە.

باوەڕ بە چارەسەری ئاشتییانەی کێشەی کورد ئەوەندە بە لای دوکتۆر قاسملووەوە بە نرخ بوو کە ئامادە بوو لە گەڵ نوێنەرانی ڕژێمێکی تێروریستدا ئازایانە بکەوێتە ووتووێژەوە! ئەم هەنگاوە لە هەمانکاتدا کە هەنگاوێکی پڕ مەترسی بووە و نرخێکی گەورەشی بۆ درا، هەستی دێموکراسیویستی و ئازادیخوازی ڕێبەرێک نیشان دەدا لە پێناو گەیشتنی گەلی کورد بە مافە سیاسیو مرۆییە ڕەواکانی خۆی و جێگیربوونی دێموکراسی و بنەماکانی پاراستنی مافی مرۆڤ لە ئێران و کوردستان.

کەسایەتی گەورەی دوکتۆر قاسملوو ڕۆژ لە دوای ڕۆژ زیاتر دەردەکەوێت و ئێستا دەبینین کە جیهان بە گشتی چاوی بڕیوەتە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و لەو باوەڕەدایە کە دەبێت دێموکراسی لە ناوچەکەدا جێگیربێت وگەلان مافی ئەوەیان هەبێت بڕیاردەری چارەنووسی خۆیان بن و سەرچاوەکانی تیرۆر بوشکێندرێن و برسێتی و هەژاری و زۆرەملی لە ناوچەدا بەرەو قەتیسبوون بچن.
بەرژەوەندی ئابووری وای لە دەوڵەت و کاربەدەستانی ئەودەمی وڵاتی ئوتریش کرد کە ساتوسەودا بە خوێنی شەهیدانی گەلی ئێمەوە بکەن و لە بەرانبەر ئەو جەنایەتەدا خۆ بدەنە قوژبنی بێدەنگی و گەلی کورد و دۆزە ڕەواکەی بکەنە قوربانی سیاسەتی قازانجپەرەستانەی خۆیان.
ئەمڕۆ جیهان پێویستی بە ئاشتییەکی هەردەمی هەیە و پێویستە بە گەڕانەوە بۆ ووشکاندنی سەرچاوەکانی تیرۆر هەنگاوێکی نوێتر بنێن و هەوڵبدەن بە هاویشتنی هەنگاوی ئەرێنی بنەمای دۆستایەتی خۆیان لە گەڵ گەلانی بندەستی ناوچەکە بەگشتیو گەلی دێمۆکراسیخوازی کورد بەتایبەتی پتەوو بەربڵاوتر بکەن.
هەنووکە ڕژێمی کۆماری ئیسلامی ئێران وەکوو پێشوو لە ژێر سیستەمی کۆنەپەرەستانەی " ولایت فقیە" دا گەرەکیە ببێتە جەمسەری دژ بە بەرەی دێموکراسی! هەر بۆ ئەو مەبەستە جگە لەوەی کە ڕێکخراوە تێرۆریستییەکانی ناوچەکەی داوەتە ژێربالی خۆی و لە بواری سەربازی و مالییەوە پالپشتیانە، هەر جارە و شێوەچەکێکی نوێ بەرهەم دێنێت و لە هەمانکاتدا یورانیوم دەپیتێنێت و بۆ درێژەدان بە دەسەڵاتی خۆی هەوڵی وەدەستخستنی چەکی ناوەکی دەدات.

جگە لەمانەش، رۆژ نییە لە ناوخۆی وڵاتدا تێکۆشەرانی مافی مرۆڤ و خەڵکی سڤیل و رۆژنامەوانان نەگرن و ئەشکەنجەیان نەدەن و بە هەڕەشە و تۆقاندن رۆژنامە وگۆڤارەکان دانەخەن. کۆمەڵگای ئێران کۆمەڵگایەکی فرە نەتەوەییە کە هەروەک دوکتۆر قاسملوو لە سەر مێزی ووتووێژ لە گەڵ دێبلومات تیرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامیدا باسی دەکات، پێویستی بە سیستەمێکی دێمۆکراتیکی راستەقینە هەیە کە مافی نەتەوەکانی تێدا دابین بکرێت و دیموکراسی باڵ بکێشێت بە سەر وڵاتدا.
ئەمڕۆ لە کاتێکدا ڕۆلە نیشتمانپەروەرەکانی گەلی کورد یادی شەهیدان دوکتۆر قاسملوو و " عبدالله قادری ئازەر" بەرز رادەگرن کە یەکێک لەو تیرۆریستانەی پیلانداڕێژبووە بۆ شەهید کردنیان، " محمود ئەحمەدینژاد" سەرۆککۆماری رێژیمی ویلایەتی فەقیە کە بە زمانی هەڕەشە و تیرۆرو سەرکوت رۆژلە دوای رۆژ زیاتر کۆمەڵگای ئێران بەرەو قەیرانی قوڵو مەترسیدار دەبات.
ئەمڕۆ بیری دوکتۆر قاسملوو بووە ڕیبازی ڕۆلە دێمۆکرات و ئازادیخوازەکانی وڵاتو ووتەو وانەکانی بوونەتە وێردی سەرزمانی گەلی ماف ویستی کورد لە رۆژهەلاتی کوردستان. رۆژ نییە لاوانی کورد لە کوردستان، بۆ دژایەتی لە گەڵ سیاسەتە دزێوەکانی کۆماری ئیسلامی بە شێوەی جۆراوجۆر نەچنە سەنگەری دژبەری لە گەڵ ئەو رژێمەدا و نەرژێنە شەقامەکان. هەوڵدان بۆ گەیشتن بە دێموکراسی و خەباتی نافەرمانی شارستانی ئەورۆ بووە بە شێوە خەباتێکی گشتگیر لە کوردستاندا کە رۆژ لە دوای رۆژ زیاتر پەرە دەستێنێت و ئاسۆی سەرکەوتنی لە هەمیشە روناکترە.

بەرز و پیرۆز بێت یادی شەهیدانی ویەن
شەکاوە بێت ئالای خەباتی نەتەوایەتی گەلی کورد
"باشترین پاداش بۆ شەهیدان درێژەپێدانی رێگایانە!"
دەستەی نوێنەرایەتی گشتی یەکیەتی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە دەرەوەی وڵات!
ویەن

2006/7/13